# ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ڕوانگەی بیروباوەڕی نەتەوەییەوە!

سیروان کاوسی

«١٨»

## شار و نێوچەکانی کوردستان، یەک لەدواییەک، لەلایەن سوپای ئێرانەوە داگیردەکرێنەوە!

ڕۆژی شەشی خەرمانانی ١٩٧٩، نێزیک بە دووسەت چەکدار و بێچەک و ئەندام و لایەنگری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەگەڵ چەندین کەسی ناحیزبی و ئازادیخواز و نەیاری ڕژێم، لە حەوشەی باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی بە چیمەنتۆ سازکراودا کۆبوونەوە.

پاش چەند چرکەیەک، داواکرا هەموو بێدەنگ بن. ئەوجا کەسێک چووەسەر سەکۆی بەرهەیوانەکە و گوتی:

«هاوڕێیان! وەک دەبینن، ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بەهەموو هێز و توانایەکییەوە هێرشی بۆ سەر کوردستان هێناوە. لەمڕۆوە جەنگی پارتیزانی دەستپێدەکا! ڕەنگە ئەو شەڕە، هەروەک خەباتی ڕزگاریخوازانەی کووبا و ڤێتنام و گەلانی دی، بیست، یان سی ساڵ بخایەنێ. جا ئەو کەسانەی لەخۆیان ڕادەبینن واز لە کار و ژیان و ئاسایشی خۆیان بێنن و بەرگەی بارودۆخی سەخت و دژوار دەگرن، فەرموون بڕۆن لەدەستی چەپی حەوشەکەوە ڕاوەستن. دیارە شێوەی خەبات هەر شەڕی چەکداری نییە و ئەو کەسانەش واناتوانن پێشمەرگەیەتی بکەن، دەتوانن لەنێو شارەکاندا بە شێوەی دیکە خەبات بکەن».

گەر کەسێک لە دوورترەوە بیڕوانایەتە دیمەنەکە، وایدەزانی بەرەورووی دارسانێکی وشک و ڕەقهەڵاتوو وەستاوە کە تووشی تینێوتی و بێبارانییەکی چەندین ساڵە هاتووە. هەرهەموو ڕەپ و ڕاست و بێ جووڵە وەستابوون. هەناسە لە سنگدا قەتیس مابوو، کەس ورتەی لێنەدەهات. دەتتوانی هەموو قسە و هەڵوێستێک لە گلێنەی چاواندا بخوێنیتەوە.

پاش تێپەڕبوونی چەند چرکە، کەسێک لەنێو ئاپۆرەکە هاتەدەر و چوو لە سووچی حەوشەکەوە وەستا. بەدوای ئەودا، هەشت کەسی دیکە، بە شوێن یەکدا هاتنەدەر و چوون لە تەنیشت یەکەم کەسەوە وەستان. یەکێک لەنێو ریزی هەشت کەسیدا، دەنگیهەڵێنا و گوتی:

«کاکە! من باش تێنەگەیشتم، تکایە پێمی بڵێن ئەو خێڵەی بەرامبەرم دەبنە پێشمەرگە، یان ئێمە ئەم نۆ کەسە ڕەقەڵە ملباریکە!؟».

بەدەیان کەس بەدەم بزە و پێکەنینەوە، وەرامیاندایەوە: «ئێوە نۆ کەسەکە دەبنە پێشمەرگە!». ئەویش گوتی، جا کاکە بە خوا منیش کارمەند (فەرمانبەر) م و ژن و منداڵم هەن و پێشمەرگەیەتی ناکرێ بەمن. پاش تەواوبوونی قسەکانی، لە ڕیزەکە هاتەدەر و ئاوێتەی پۆلە ناپێشمەرگەکە بووەوە و، بۆ چەند ساتێک سەیری نەوی کرد و چاوی بڕییە کەوشەکانی، دیاربوو لەدڵی خۆیدا هەستی بە تەریقبوونەوە دەکرد...

هەرهەموو، تاوێک چاوەڕوان مانەوە، بەڵام کەس لەجێی خۆی نەجوولا. بەوجۆرە هەموو دڵنیابوون کە جگە لەو هەشت کەسە، کەسی دی نابێتە پێشمەرگە. ئیدی کاتی ئەوەهات لە یەکدی جوێ ببنەوە. حەشاماتەکە، پێش ئۆغرکردن، بەڕووی گەشەوە بەرەولای هەشت کەسەکە هاتن و، گەلێک وشەی جوان و ورەبەخشی وەک، «هەر بژین» »ئافەرینتان لێبێ» «سەرکەوتووبن»، «بەدڵ و بە گیان لە گەڵتاندان» و ... گوت پێیان و لە حەوشەکە چوونەدەرەوە و بڵاوەیان کردلێی...

پێشمەرگەکان کە هەموویان خەڵکی سەقز و دانیشتووی سەقز بوون، لەگەڵ سێ ئەندامی سەرکردەیەتیی کۆمەڵە بەرەو گوندی «قەرەگوێز» ڕۆیشتن و شەو و ڕۆژێک لەو گوندە و لە چیای «حاجی کیمی» مانەوە. گوندی قەرەگوێز دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی بۆکان و لە دۆڵی «تورجان» هەڵکەوتووە و فرسەخێ لە شاری بۆکانەوە دوورە. چیای «حاجی کیمی» دەکەوێتە لای سەرووی قەرەگوێزەوە و لە سەردەمانی کۆن و نوێدا شوێنی حەوانەوە و هاتوچووی پێشمەرگە و قاچاخچی نێوچەکە بووە...

ڕۆژێ دواتر بە ئۆتۆمۆبیلێکی تۆیۆتای ژاپۆنی، بە جادەی مەهاباد - سەردەشت دا بەرەو شاری سەردەشت ڕۆیشتن. خاوەنی ئۆتۆمۆبیلەکە نێوی شێخ جەواد بوو. شێخ